www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا9:08 6-7-2006

ئیمزات بۆ ئەم ئیمەیلە بنێرە
dlawerquxa@yahoo.com

## بانگەواز

- بۆ بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان
- بۆ بەڕێز کۆسرەت رەسوڵ جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان
- بۆ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
- بۆ بەڕێز عومەر فەتاح جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
- بۆ بەڕێز پەرلەمانتارانی کوردستان بە هەموو رەنگەکانیانەوە
- بۆ بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی وەزیری رۆشنبیری

وەزارەتی رۆشنبیری تاکە وەزارەتە کە جگە لەوەی پەیوەندییەکی توندی بە سەرجەم نووسەران و رۆشنبیران و هونەرمەندانی کوردستانەوە هەیە، بۆیە ئەو وەزارەتە بەماڵی دووەمی خۆمانی دەزانین، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییە نەپچڕیو ماڵی دووەممان هەر ئاوەدان بێت، پێویستە وەزارەتی رۆشنبیری لە هەر گۆڕانکارییەکدا رەچاوی ئەرکە نیشتمانییەکان بکات، بۆ ئەوەی رۆشنبیرانیش گەرمتر بن لە هاوکاریکردنی ئەو وەزارەتە.

ئێمە، لەگەڵ گۆڕانکاریداین، بەڵام پێویستە گۆڕانکاری وزەی نوێ و هزری نوی بهێنێتە پێشەوە تا زۆرترین خزمەت بە ئەرکە نیشتمانیو نەتەوەییەکانمان بکەن و دووربێت لە میزاجی شەخسیو بەرژەوەندییە تایبەتییەکان.

بە نیگەرانییەکی زۆرەوە، وەزارەتی رۆشنبیری لە گۆڕانێکدا، شێرزاد عەبدولرەحمانی کردۆتە سەرنووسەری هەفتەنامەی هەرێم (لە فەرمانە وەزارییەکەدا هاتووە کە ناوەکە دەکرێت بە هەرێمی کوردستان) ، کە ئەمەیان بۆ هەموو لایەکمان جێگەی سەر سوڕمان بوو، چونکە بە هیچ شێوەیەک قەبووڵ ناکرێ هەفتەنامەیەک کە زمانحاڵی حکومەتێکە کە بە رووباری خوێن بەری گرتووەو بە کەللە سەریسەدان هەزار شەهید بونیاد نراوە، کەچی جاشقەڵەمێکی ئەکتیڤی بەعس کە رۆژانە پەیامی بەعسی بڵاودەکردەوەو سەدان وتاری دژ بەگەلی کوردو کوردستان بڵاوکردۆتەوە، ئێستا ئەو قەڵەم فرۆشە دژ بە کوردە ببێت بە سەرنووسەری ئەم هەفتەنامەیە کە زمانحاڵی حکومەتەکەمانە.

ئێمە کە لە خوارەوە ئیمزامان کردووە، داوا دەکەین بە زووترین کات شێرزاد عەبدولرەحمان لابدریو کەسێکی شیاو بۆ سەرنووسەری دیاربکرێ، کە وەزارەت و حکومەت و ئێمەش سەرمان پێی بڵند بێت، داوا لە بەڕێزتان دەکەین گوێ لەو داواکارییەمان بگرن و حسابێک بۆ هەست و شعوری نووسەران و رۆشنبیرانی نیشتمانپەروەر بگرن کە هەمیشە لە سەنگەری گەل و نیشتمانەکەیاندا بوونە و پشتگیری حکومەتی هەرێمی کوردستانن.

ناوەکان: